ئێران: نابێت ڕێگە بدرێت تیرۆر لە سووریا گۆشە بکات و ببێتە مەترسی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە



فاتیمە مهاجرانی، وتەبێژی حکومەتی ئێران لە کۆنفراسکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بۆ ئێران گرنگە کە حکومەتی داهاتووی سووریا بە دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتە پێکبهێنرێت و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزرێت.

وتەبێژی حکومەتی ئێران وتوێتی: "نابێت ڕێگە بدرێت تیرۆر لە سووریا گۆشە بکات و ببێتە مەترسی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە".

سەبارەت بە ئێگەری کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئێران لە سووریا دوای هووخانی ڕژێمی سووریا بەسەرکایەتی بەشار ئەسەد، وتەبێژی حکومەتی ئێران ئاماژەی بۆکرد، حکومەتی ئێران ئامادەیە باڵیۆزخانەی خۆی لە دیمەشق بکاتەوە و وتیشی: "گفتوگۆکانمان بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئێران لە سووریا بەردەوامن".